# وانەی ٦٩: دەسەڵاتی عیسا

مەتا ١٢ و یۆحەنا ٥

وەك زۆربەتان دەزانن ئێستا لە گەشتەکەمان لەنێو نووسراوە پیرۆزەکاندا گەیشتینە پەرتوکی ئینجیل، کەوا باسی مزگێنی خۆش دەکات دەربارەی عیسای مەسیح. ئەو ڕزگاری دەرەی سەردانی زەوی کرد بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە دەسەڵاتی شەیتان و گوناە و دادوەری تاهەتایی.

لەچەن وانەی ڕابردووماندا، بینیمان عیسا چۆن گەشتی دەکرد بەیەر خاکی جولەکەدا و خەڵکانی فێردەکرد و نەخۆشەکانیانی چاك دەکردەوە. بۆیە، خەڵکێکی زۆر شوێنی کەوتن. بەڵام، زۆربەی ڕابەرە ئاینییەکان حەسودیان پێی دەبرد لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی ئەو داناییەی ئەو قسەی پێ دەکرد بە درۆ دەربخەن، و نەشیان دەتوانیٚ ئینکاری موعجیزەکانی بکەنەوە.

ئەمرۆ بەردەوام دەبین لە ئینجیل و دەبینین چۆن پەروەردگار عیسا ڕووبەڕووی ڕابەرە ئاینیەکان بووەوە سەبارەت بە ڕۆژی پشوودان، واتە ڕۆژی شەممە. شەممە ڕۆژی حەفتەمی هەفتە بوو، ئەو ڕۆژەی خودا بە جولەکەی دابوو بۆ پشوودان لەپاش شەش ڕۆژی کارکردن. بەڵام، ڕابەرە ئاینیەکانی فەریسی عیسایان تاوانبار کرد بە شکاندنی ڕۆژی شەممە لەبەر ئەوەی ئیشی چاکی دەکرد لە شەممە. ئەم شتەیان وەك لێبووردنی بەکار دەهێنا بۆ شکاندنەوەی، لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی هیچ شتێکی خراپ بدۆزنەوە تاوانباری بکەن.

با لە بەشی دوازدەی ئینجیلی مەتا بخوێنینەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرمویٚ: (مەتا ١٢) ١ لەو کاتەدا، لە شەممەدا عیسا بەناو دەغڵاندا تێدەپەڕی، قوتابییەکانی برسییان بوو، دەستیانکرد بە گوڵەگەنم پرواندن و خواردنی. ٢ کە فەریسییەکان بینییان، پێیان وت: (ئەوەتا، ئەوەی قوتابییەکانت دەیکەن دروست نییە لە شەممەدا بکرێت.) ٣ ئەویش پێی فەرموون: (ئەی نەتانخوێندۆتەوە داود چی کرد، کاتیٚ خۆی و ئەوانەی لەگەڵی بوون برسییان بوو؟ ٤ چۆن چووە ناو ماڵی خودا و نانی قوربانی خوارد، کە بۆ ئەو و ئەوانەی لەگەڵی بوون دروست نەبوو بیخۆن، تەنها بۆ کاهینان نەبیٚ؟ ٥ یان لە تەورات نەتانخوێندۆتەوە کە کاهینان شەمموان لە پەرستگا شەممە گڵاو دەکەن و بیٚتاوانیشن؟ ٦ پێتان دەڵێم، گرنگتر لە پەرستگا لێرەیە. ٧ بەڵام ئەگەر واتای ئەوەتان بزانیبووایە: {من میهرەبانیم دەویٚ نەک قوربانی}، ئەوا بیٚتاوانتان تاوانبار نەدەکرد. ٨ چونکە کوڕی مرۆڤ گەورەی ڕۆژی شەممەیە.)

عیسا سەدان ناو و ناونیشانی لە نووسراوە پیرۆزەکان هەبوو. یەك لەو ناوانەی کە زۆر بە خۆی دەوت (کوڕی مرۆڤ) بوو. ئەم ناونیشانە، کوڕی مرۆڤ، بە بیرمان دێنێتەوە کە عیسای مەسیح خۆی بە بەرز دانەدەنا و خۆی بە شێوەی نەوەی ئادەم دادەنا. هەروەها شکۆمەندی بەکەی دەردەخات لەبەر ئەوەی ئەمەیان، کەوا خۆی بە بەرز دانەدەنا بە بوونی بە مرۆڤ، هەمان ئەو کەسەیە کە هەموو دەسەڵات و دادوەری لابوو بەسەر نەوەکانی ئادەم. بیری لیٚ بکەوە! ووشە و ڕۆح و هێز و شکۆمەندی خودا — هاتە سەر زەوی و لەشی مرۆڤی وەرگرت! بەڵیٚ، عیسای مەسیح کوڕی مرۆڤە و پەروەردگاری شەممە و پەروەردگارە بەسەر هەموو شتێك. بەڵام فەریسیەکان عیسایان قەبوڵ نەکرد بە حەقیقەتی خۆی.

با بخوێنینەوە چی ڕووی دا پاش ئەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرمویٚ: (مەتا ١٢) ٩ لەویٚ ڕۆیشت و هاتە کەنیشتەکەیان، ١٠ ئەوەبوو پیاوێک دەستێکی وشکبوو، لێیان پرسی: (ئایا لە شەممەدا چاککردنەوە دروستە؟) تاکو سکاڵای لیٚ بکەن. ١١ پێی فەرموون: (کیٚ لە ئێوە ئەگەر مەڕێکی هەبێت و لە شەممەدا بکەوێتە چاڵێک، ئایا نایگرێت و دەریناهێنێت؟ ١٢ مرۆڤ چەند لە مەڕ نرخدارترە! کەواتە لە شەممەدا چاکەکردن دروستە.) ١٣ ئینجا بە پیاوەکەی فەرموو: (دەستت درێژ بکە.) ئەویش درێژی کرد و چاکبۆوە، وەکو ئەوەی دیکە. ١٤ فەریسییەکانیش کە دەرچوون، تەگبیریان کرد چۆن لەناوی ببەن. ١٥ عیساش بەمەی زانی، لەویٚ ڕۆیشت و خەڵکێکی زۆر دوای کەوتن، ئەویش هەموویانی چاککردەوە...

دەبینین چۆن فەریسیەکان عیسایان تاوانبار کرد بە کردنی خراپە لەبەر ئەوەی ڕێزی لە داب و نەریتیانی نەگرت. چ دوو ڕووییەکە! ئەم ڕابەرە ئایینیانە هیچ بەزەییان نەبوو بۆ برسی و نەخۆشان، لەگەڵ ئەوەشدا دەیانویست وا لە خەڵکی بکەن باوەڕ بەوە بێنن کە داب و نەریتیان، کەوا ئیشی چاکەی قەدەغە دەکرد لە شەممەدا، لە خوداوە هاتووە! بەڵام، عیسا کە دڵە خراپەکانیانی دەناسی، ڕاگەیاندنی خودای بەبیریان هێنایەوە لە نووسراوە پیرۆزەکان کە دەفەرموێ، ( ئەگەر واتای ئەوەتان بزانیبووایە: {من میهرەبانیم دەوێ نەک قوربانی}، ئەوا بێتاوانتان تاوانبار نەدەکرد. چونکە کوڕی مرۆڤ گەورەی ڕۆژی شەممەیە.)

بەردەوام دەبین لە خوێندنەوە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ١٢) ٢٢ ئینجا پیاوێکیان بۆ هێنا ڕۆحیپیسی تێدابوو، ئەویش نابینا و لاڵ بوو، چاکیکردەوە تا ئەوەی لاڵەکە قسەی کرد و بینی. ٢٣ خەڵکەکە هەموو سەرسام بوون و وتیان: (ئەمە کوڕی داود نییە؟) ٢٤ بەڵام فەریسییەکان کە ئەمەیان بیست، وتیان: (ئەمە ڕۆحیپیس دەرناکات، مەگەر بە بەعلەزبولی **(ئەوەتا شەیتان)** شای ڕۆحەپیسەکان نەبێت.) ٢٥ بەڵام عیسا بە بیرکردنەوەی ئەوانی زانی، پێی فەرموون: (هەر شانشینێک دووبەرەکی تێدابێت، وێران دەبێت، هەر شارێک یان ماڵێک دووبەرەکی تێدابێت، خۆی ڕاناگرێت. ٢٦ ئەگەر شەیتان، شەیتان دەربکات، ئەوا دووبەرەکییان تێدایە، کەواتە چۆن شانشینییەکەی خۆی ڕادەگرێت؟ ٢٧ ئەگەر من بە بەعلەزبول ڕۆحیپیس دەربکەم، ئەی کوڕەکانتان بە کێ دەریان دەکەن؟ بۆیە ئەوان دەبنە دادوەرتان. ٢٨ بەڵام ئەگەر من بە ڕۆحی خودا ڕۆحیپیس دەربکەم، ئەوا پاشایەتی خودا هاتۆتە سەرتان.

(یۆحەنا ٥) ١ دوای ئەمانە جەژنێکی جولەکەکان هەبوو و عیسا سەرکەوتە ئۆرشەلیم. ٢ لە ئۆرشەلیم لەلای دەروازەی مەڕ حەوزێک هەبوو بە عیبری پێیان دەووت بێتحەسدا، پێنج هەیوانی هەبوو. ٣ لەوێ خەڵکێکی زۆر ڕاکشابوون، نەخۆش و کوێر و شەل و گۆج، [چاوەڕێی جوڵانی ئاوەکە بوون، ٤ چونکە هەندێک جار فریشتەی خوداوەند بۆ حەوزەکە دەهاتە خوارەوە و ئاوەکەی دەجوڵاند، جا ئەوەی یەکەم کەس بچووبووایە ناو حەوزەکە، لە هەر نەخۆشییەک هەیبووایە چاک دەبۆوە.]

٥ کابرایەک لەوێ بوو سی و هەشت ساڵ نەخۆش بوو. ٦ عیسا ئەم کابرایەی بینی پاڵکەوتووە و زانی ماوەیەکی درێژە وایە، پێی فەرموو: (دەتەوێ چاکبیتەوە؟) ٧ نەخۆشەکە وەڵامی دایەوە: (گەورەم، کاتێ ئاوەکە دەجوڵێت کەسم نییە بمخاتە ناو حەوزەکە. کاتێکیش دێم، یەکێکی دیکە پێش من دەچێتە ناوی.) ٨ عیساش پێی فەرموو: (هەستە! نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆ!) ٩ یەکسەر کابرا چاکبۆوە، نوێنەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت. ئەو ڕۆژەش شەممە بوو، ١٠ بۆیە جولەکە بە کابرای چاکبۆوەیان وت: (شەممەیە و دروست نییە نوێنەکەت هەڵگریت.) ١١ کابرا وەڵامی دانەوە: (ئەوەی چاکیکردمەوە پێی فەرمووم: (نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆ.)) ١٢ لێیان پرسی: (ئەو پیاوە کێیە کە پێیووتی: (هەڵیبگرە و بڕۆ)؟) ١٣ بەڵام کابرای چاکبۆوە نەیدەزانی کێیە، چونکە عیسا لەناو ئەو خەڵکەی لەوێ بوون خۆی کێشایەوە.

١٤ دوای ئەوە عیسا ئەوی لە پەرستگا بینییەوە و پێی فەرموو: (ئەوەتا چاکبوویتەوە. ئیتر گوناه مەکە، نەوەک خراپترت بەسەر بێت.) ١٥ کابراش چوو و بە جولەکەکانی وت کە عیسا بووە چاکیکردۆتەوە. ١٦ لەبەر ئەمە جولەکەکان عیسایان چەوساندەوە، چونکە ئەم شتانەی لە شەممەدا دەکرد. ١٧ بەڵام عیسا وەڵامی دانەوە: (تا ئێستا باوکم کاردەکات، منیش کار دەکەم.) ١٨ لەبەر ئەم هۆیە جولەکەکان زیاتر هەوڵیان دەدا بیکوژن، چونکە تەنها شەممەی نەدەشکاند، بەڵکو دەیووت کە خودا باوکییەتی، خۆی لەگەڵ خودا یەکسان دەکرد.

با کەمێك لێرە ڕاوەستین. بۆچی ڕابەرە ئایینیەکان شەڕیان بە عیسا دەفرۆشت و دەیانویست بیکوژن؟ ئایا لەبەر ئەوە بوو کە عیسا پیاوە ئیفلیجەکەی چاککردەوە لە شەممە؟ لەبەر ئەوە نەبوو. دەیانویست عیسا بکوژن لەبەر ئەوەی عیسا ووتی کە خودا باوکیەتی. ئەوان پێیان قەبوڵ نەکرا کە عیسا ئەو مەسیحەیە کە لە حزووری خوداوە هاتووە. بۆیە عیسایان تۆمەتبار کرد بەکفر و هەوڵیان دەدا بیکوژن.

بەڵام نووسراوی پیرۆز دەفەموێ: (یۆحەنا ٥) [١٩] بۆیە عیسا وەڵامی دانەوە: (ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: کوڕەکە ناتوانێت لە خۆیەوە شتێک بکات تەنها ئەوەی کە دەبینێت باوکی دەیکات، چونکە هەرچی ئەو دەیکات، کوڕەکەش ئەم شتانە وەک ئەو دەکات. [٢٠] چونکە باوکەکە کوڕەکەی خۆشدەوێت و هەموو ئەوەی پیشان دەدات کە دەیکات، کاری لەمانەش مەزنتری پیشان دەدات، تاکو سەرسام بن. [٢١] چونکە وەک باوکەکە مردووان هەڵدەستێنێتەوە و زیندوو دەکاتەوە، کوڕەکەش ئەوەی بیەوێت زیندووی دەکاتەوە. [٢٢] چونکە باوکەکە کەس حوکم نادات، بەڵکو هەموو حوکمدانی داوەتە کوڕەکە، [٢٣] تاکو هەموو ڕێزی کوڕەکە بگرن هەروەک ڕێزی باوک دەگرن. ئەوەی ڕێزی کوڕەکە نەگرێ، ڕێزی باوکیش ناگرێ کە ناردوویەتی.

[٢٤] ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی گوێ لە وشەکەم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی ژیانی تاهەتایی دەبێت و نایەتە حوکمدان، بەڵکو لە مردنەوە بۆ ژیان گواستراوەتەوە.

[٣١] ئەگەر شایەتی بۆ خۆم بدەم شایەتییەکەم ڕاست نییە. [٣٢] یەکێکی دیکە شایەتیم بۆ دەدات، منیش دەزانم ئەو شایەتییەی بۆ منی دەدات ڕاستە. [٣٣] لەدوای یەحیاتان نارد، ئەویش شایەتی بۆ ڕاستی دا. [٣٤] من شایەتی مرۆڤ وەرناگرم، ئەمانەش دەڵێم تاکو ئێوە ڕزگاربن. [٣٥] ئەو چرایەکی هەڵگیرساو و بریسکەدار بوو، دەتانویست ماوەیەک بە ڕووناکییەکەی دڵخۆش بن. [٣٦] بەڵام من شایەتییەکم هەیە لەوەی یەحیا گرنگترە، چونکە ئەو کارانەی باوکم پێی داوم تەواوی بکەم، ئەم کارانە خۆیان شایەتیم بۆ دەدەن کە باوکم ناردوومی. [٣٧] باوکیشم کە ناردوومی، خۆی شایەتیم بۆ دەدات. ئێوە هەرگیز دەنگیتان نەبیستووە و ڕواڵەتیتان نەبینیوە، [٣٨] وشەکەشی لە ئێوەدا چەسپاو نییە، چونکە ئەوەی ئەو ناردوویەتی ئێوە باوەڕی پێ ناکەن. [٣٩] نووسراوەکان دەپشکنن، چونکە وادەزانن ژیانی تاهەتایی بۆ ئێوە تێدایە. ئەوانەش شایەتیم بۆ دەدەن، [٤٠] بەڵام ناتانەوێ بێنە لام تاکو ژیانتان هەبێت. [٤١] من شکۆ لە خەڵک وەرناگرم. [٤٢] بەڵام ئێوەم ناسی کە خۆشەویستی خوداتان لە دڵدا نییە. [٤٣] بە ناوی باوکمەوە هاتووم، پێشوازیم لێ ناکەن، بەڵام ئەگەر یەکێکی دیکە بە ناوی خۆیەوە بێت، پێشوازی لێدەکەن. [٤٤] ئەگەر شکۆ لە یەکتری وەردەگرن، بەڵام ئەو شکۆیەی لە تاکە خوداوەیە داوا نەکەن، چۆن دەتوانن باوەڕ بهێنن؟

[٤٥] وا مەزانن من لەلای باوکەکە سکاڵاتان لێ دەکەم. یەکێک هەیە سکاڵاتان لێ بکات، کە موسایە، ئەوەی هیواتان پێیەتی. [٤٦] ئەگەر باوەڕتان بە موسا بکردبووایە، باوەڕتان بە منیش دەکرد، چونکە لە بارەی منەوە نووسیویەتی. [٤٧] ئەگەر باوەڕیش بە نووسراوی ئەو نەکەن، چۆن باوەڕ بە وتەکانی من دەکەن؟)

خوێندن پەروەردگار عیسا چۆن فەریسیەکانی سەرزەنشت کرد ئەوانەی دەیان ویست بیکوژن؟ پێیانی فەرموو هەرکەسێك مەسیح ڕەت بکاتەوە کەوا خودا ناردی لە ئاسمانەوە ئەوا گەواهیەکەی ووشە و ئیشەکانی مەسیح ڕەت دەکاتەوە کەوا بەراورد ناکرێن بە هیچ شتێك، هەروەها گەواهی پێغەمبەر یەحیا ڕەت دەکاتەوە و گەواهی پێغەمبەر موسا و گەواهی نووسراوە پیرۆزەکان. بە کورتی، هەرکەسێ مەسیح ڕەت بکاتەوە ئەوا خودی خودا ڕەت دەکاتەوە. ئەو کەسەی ڕێز لە کوڕ نەگرێ ئەوا ڕێز لە باوك ناگرێ کە ناردوویەتی. ڕەت کردنەوەی ووشە و دەسەڵاتی عیسا ڕەت کردنەوەی ووشە و دەسەڵاتی خودایە — لەبەر ئەوەی عیسا ووشەی خودایە و ئەو کەسەیە کە خودا هەموو دادوەری و دەسەڵاتی پێ بەخشیوە.

هەرکەسێك بە ڕاستی باوەڕ بە خودا و پێغەمبەرەکانی خودا بێنێت باوەڕ بە عیسا دێنێت کە ئەو مەسیحەیە لە ئاسمانەوە هاتووە، لەبەر ئەوەی هەموو پێغەمبەرەکانی خودا گەواهییان بۆ داوە. ئەوانەی نووسراوەکانی پێغەمبەران دەناسن و باوەری پێ دەکەن هەروەها دەزانن و باوەڕییان بەوەیە کە عیسا، کوڕی مەریەم، ئەو کەسەیە کە خودا هەڵیبژارد بۆ ئەوەی ببێتە ڕزگاری دەری جیهان. ئەمە ئەویە کە عیسا بە ڕابەرە ئایینیەکانی ووت کاتێ فەرمووی، (یۆحەنا ٥) [٣٩] (نووسراوەکان دەپشکنن، چونکە وادەزانن ژیانی تاهەتایی بۆ ئێوە تێدایە. ئەوانەش شایەتیم بۆ دەدەن، [٤٠] بەڵام ناتانەوێ بێنە لام تاکو ژیانتان هەبێت. [٤٥] وا مەزانن من لەلای باوکەکە

سکاڵاتان لێ دەکەم. یەکێک هەیە سکاڵاتان لێ بکات، کە موسایە، ئەوەی هیواتان پێیەتی. [٤٦] ئەگەر باوەڕتان بە موسا بکردبووایە، باوەڕتان بە منیش دەکرد، چونکە لە بارەی منەوە نووسیویەتی. [٤٧] ئەگەر باوەڕیش بە نووسراوی ئەو نەکەن، چۆن باوەڕ بە وتەکانی من دەکەن؟)

با هەریەك لە ئێمە بەوریاییەوە سەرنجی ئەم ووشانە بدەین، لەبەر ئەوەی خودا دەیەوێ توانای بینینی ناوەڕۆکی مانای تەواویانمان بداتێ. خودا دەیەوێ ڕاستییەکە لەناو دڵمان بێت. ئەگەر بڵێین باوەڕمان بە پێغەمبەران هەیە، ئەو کات دەبێ باوەڕمان بەو کەسە بێت کەوا گەواهییان بۆ داوە، ئەویش عیسای مەسیحە! لەگەڵ ئەم پرسیارە بەجێیت دێڵین: ئایا بەڕاستی باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟ زۆر خەڵك هەن کە بەخێرایی باوەڕ بەگەواهی یەك پیاو دێنن، بەڵام سەیرە کە کەم کەس باوەڕ بەو گەواهیە بێ گوومانەی پێغەمبەرانی خودا دێنن کەوا نووسراوە پیرۆزەکانیان نووسیوە. ئەی تۆ؟ (باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟) (کرادری نێردراوان ٢٦: ٢٧)

با خوداش بەرەکەتدارت بکات و قسە لەگەڵ تۆ بکات کاتێ سەرنجی ئەوەی پەروەردگار عیسا بە فریسیەکانی فەرموو دەدەن: (ئەگەر باوەڕیش بە نووسراوی (**پێغەمبەر موسا**) ئەو نەکەن، چۆن باوەڕ بە وتەکانی من دەکەن؟) (یۆحەنا ٥: ٤٧)



## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بۆچی ڕابەرە ئایینیەکان شەڕیان بە عیسا دەفرۆشت و دەیانویست بیکوژن؟
٢. ئایا لەبەر ئەوە بوو کە عیسا پیاوە ئیفلیجەکەی چاککردەوە لە شەممە؟
٣. پەروەردگار عیسا چۆن فەریسیەکانی سەرزەنشت کرد ئەوانەی دەیان ویست بیکوژن؟
٤. ئایا بەڕاستی باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟
٥. زۆر خەڵك هەن کە بەخێرایی باوەڕ بەگەواهی یەك پیاو دێنن، بەڵام سەیرە کە کەم کەس باوەڕ بەو گەواهیە بێ گومانەی پێغەمبەرانی خودا دێنن کەوا نووسراوە پیرۆزەکانیان نووسیوە. ئەی تۆ، باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟
٦. ئەگەر باوەڕیش بە نووسراوی (پێغەمبەر موسا) ئەو نەکەن، چۆن باوەڕ بە وتەکانی من (عیسا) دەکەن؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org